# " شیوەن بۆ سەفەری ئەو"

خالید باشلاخی
khalidbashblakhy@yahoo.com

لە دوێنێوە ..کە ڕۆیشتووی لەم شارە
جادە و .. کۆلانەکانی .. پرسە دارە..!
درەختی سەر شۆستەکانیش، ژاکاون
لەگەڵ منا .. ئەوەندە .. بۆت گریاون!
خەڵکی، ئیدی.. نارۆنە.. سەرچناریش
وەك جاران، پێناکەنێ.. پارکی شاریش!
گۆی زەوی لە مەداری خۆی.. دەرچووە
باخی ئەستێرەی شەو، مشتێ.. ڕەژووە!
کچی هەتاو، وا.. سەری لێ شێواوە
لە ڕۆژئاواوە، سەری.. دەر هێناوە!
تووی مەلیك و.. گۆیژە و.. هەوارە بەرزە
دەڵێی کەوتوونەتە.. بەر بومەلەرزە!
سلێمانی .. خراوەتە .. تابووتێ ..
ئەزمڕیش، گڕی گرتووە و، دەسوتێ!
ئەم شارەی، کە خەڵکی دەیانگوت خۆشە
ئەڵێی دایکە و .. تەرمی کۆرپەی لە کۆشە!
سنەوبەری باخی گشتیش، بۆ .. ئێوە
لە پرسەدان، ڕاوەستاون.. بە پێوە!
لە پشت تا نجەرۆی.. چاومەوە، بەربەستێ
ڕوخێنراوە .. لافاوی.. ڕاناوەستێ..!!
" هانا بەرم، بۆ کام شێخ و .. جادوو کار*؟
سلێمانی و نەرویج.. بکاتە یەك شار..!"
" نەرویج"لە من..بوو بە گەرووی"بەرمۆدا"
وا لە پڕ دا.. پڕی کرد.. بە "شارۆدا"

2006/1/18

---

* ئەم دێڕە شیعرە لە شیعری" پەنا بەرم بۆ چ شێخ و ..جادوو کارێ ــ ئێرە و ئەوێ هەردووکی بکاتە شارێ" ی لەتیف هەڵمەتەوە وەرگیراوە..